# کاریگەریی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر قوتابییانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان

**ظاهر حمدأمين صابر**
بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
**ئیمەیڵ:** Zahir.sabir@epu.edu.iq

**سامان جلال مولود**
بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
**ئیمەیڵ:** saman.mawlood@su.edu.krd

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی کاریگەریی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر قوتابیانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەریی ریکلامی ئەلیکترۆنییە لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر قوتابیانی زانکۆ. دەرخستنی ئاستی کاریگەریی ریکلامی ئەلیکترۆنی لەسەر بڕیاری کڕین، گرنگی ئەم توێژینەوە لەوە دایە کە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی کاریگەریی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی لە گۆڕینی بڕیاری کڕین لای بەکاربەران. لەم سۆنگەیەوە توێژەر بەمیتۆدێکی زانستی لە کاریگەریی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر قوتابیانی زانکۆ دەکۆڵێتەوە. ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفییە، توێژەر بە مەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری ورد و پێویست سەبارەت بە بابەتی توێژینەوە میتۆدی ڕووپێوی بەکارهێناوە. کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە قوتابیانی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێرن، کە (300) قوتابی لە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ وەرگیراون. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی، کە توێژینەوەکە پێی گەشتووە دەردەکەوتووە کە ڕادەی بەرکەوتنی بەکاربەران بەرێکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەهەرێمی کوردستان لە ئاستێکی بەرزدایە. نموونەی توێژینەوە زۆربەیان بەکارهێنەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی وەک (مێسنجەر، ڤایبەر، یوتوب، ئینستاگرام، سناپ چات، فەیسبوک)، توێژینەوە سوود لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان وەردەگرن بۆ وەرگرتنی زانیاری، ئاگاداربوون لە کالا و خزمەتگوزاری نوێی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن.

**کلیلە وشەکان:** کاریگەریی، ڕیکلامی ئەلیکترۆنی، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، قوتابی زانکۆ.

## پێشەکی:

پێشکەوتنە خێراکانی بواری تەکنەلۆژیا و ئامرازی پەیوەندییەکان ڕۆڵی گەورەیان لە سەرجەم بوار و لایەنە جیاوازەکانی بواری مرۆڤایەتیدا بینیوە لەوانە (ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری....هتد). دەرکەوتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لەم نێوەندەدا، کە بەشێوەیەکی خێرا و فراوان بڵاو بووەوە و جیهانی کردە گوندێکی بچووک. لەسەردەمی ئێستادا ڕیکلامی ئەلیکترۆنی بۆتە هونەر و شێوازێکی کاریگەریی لە پرۆسەی پەیوەندیکردن. لەمیانەیدا زانیاری پێویست دەگەیەنێتە بەکاربەر سەبارەت بەو کاڵا و خزمەتگوزاری و بیرۆکانەی هەن، لە پێناو باوەڕپێهێنان و دروستکردنی ڕەزامەندی لە ناوەڕۆکی ڕیکلامدا، ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان لەبەر چاودەگیرێت لەپێناو ئەوەی ڕیکلام کاریگەریی خۆی بەجێ بهێڵێت و ئامانجەکانی بەدی بهێنێت.

ئەم توێژینەوەیە کە لە ژێر ناونیشانی کاریگەریی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر قوتابیانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان، گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەوڵدەدات بایەخی ئەو لایەنە دەربخات بۆ ئەوانەی لەو بوارەدا کاردەکەن بۆ ئەوەی مەبەستێکی دروستیان هەبێت لە بەرامبەر بەکاربەر و ڕەفتارەکانیان، هەروەها هەوڵدەدات بزانێت تا چەند ڕیکلامی ئەلیکترۆنی کاریگەرییان لەسەر قوتابیانی زانکۆ هەیە.

### یەکەم: میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە

**١. ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە**

١) **کێشەی توێژینەوە:** لەسەردەمی ئێستادا ڕیکلام بۆتە هونەرو شێوازێکی کاریگەر لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا. زانیاری پێویست دەگەیەنێتە بەکاربەر سەبارەت بەو کاڵا و خزمەتگوزاری و بیرۆکانەی کەهەن، لە پێناو باوەڕپێهێنان و دروستکردنی ڕەزامەندی لە ناوەڕۆکی ڕیکلامدا، هەروەهاریکلام رەهەندە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان لەبەر چاودەگرێت، تاوەکو کاریگەریی خۆی بەجێ بهێڵێت و ئامانجەکانی بەدیبهێنێت.

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە کاریگەریی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر قوتابیانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان، بە لەبەر چاوگرتنی ئەو ڕاستیەیی کە ڕیکلامی ئەلیکترۆنی کۆمەڵە چالاکییەکە، بەهۆیەوە چەند پەیامێک ئاراستەی جەماوەرێکی دیاریکراو دەکات، لەرێگەی ئاگادارکردنەوە و هاندانیان بۆ کڕینی کاڵا و خزمەتگوزاریەک کاریگەریی کردنە سەریان، یان گۆڕینی بۆچونیان.

٢) **گرنگی توێژینەوە:** گرنگی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لە ڕەسەنایەتیەوە سەرچاوەی گرتووە، توێژینەوەیەکە ڕێکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکات هەروەها باس لە کاریگەریی ئەم بوارە لە هاندانی بڕیاری کڕین لای قوتابیانی زانکۆ دەکات.

٣) **پرسیارەکانی توێژینەوە:** گرنگترین پرسیارەکانی توێژینەوەکەمان ئەمانەی خوارەوەن:

١. مەبەستی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لای قوتابیانی زانکۆ چیە؟

٢. ئایا ریکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر قایلکردنی قوتابیانی زانکۆ هەیە؟



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

٣. ئایا پەیامی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تاچەند لای قوتابیانی زانکۆ قەبولکراوە؟
٤. ئایا توخمەکانی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر قوتابیانی زانکۆ هەیە؟
٥. ناوەرۆکی پەیامی ریکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان تاچەند کاریگەریی لەسەر قوتابیانی زانکۆ هەیە؟

**٤) ئامانجەکانی توێژینەوە:**

بەمەبەستی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر چەند ئەنجامێکی هەیە، کە لەم خاڵانەدا دەیخاتەڕوو:

١. زانینی رادەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن قوتابیان.
٢. زانینی رادەی گرنگیدان بەریکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلای قوتابیانی زانکۆ.
٣. دەرخستنی رادەی کاریگەریی ریکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان لەسەر قوتابیانی زانکۆ.

**٢. میتۆدی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفی، ڕوپێوییە. کە میتۆدێکی گونجاوە بۆ سروشتی ئەم توێژینەوەیە تاکو لەچوارچێوەیەکی زانستیدا لەگەڵ هێنانەدی ئامانجەکانی و بەدەستهێنانی زانیاری ورد و تەواودا بگونجێت .

**٣. کۆمەڵگەی توێژینەوە و نموونەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، نموونەی توێژینەوەکە بریتیە لە(٣) سێ کۆلێژ بە ناوەکانی (تەکنیکی کارگێری، تەکنیگی ئەندازیاری و تەکنیکی پزیشکی) هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، بە شێوەی نموونەی هەڕەمەکی مەبەستدار. نموونەی(300) قوتابی وەرگیراوە، کە کۆی گشتی هەر سێ کۆلێژ بریتیە لە(2,088)قوتابی.

**٤. کەرستەکانی توێژینەوە:**

گرنگترین ئەو کەرەستەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە بریتیە لە فۆڕمی ڕاپرسی، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر پشتی بە(7) پسپۆر و شارەزا لە بوارەکانی(ڕاگەیاندن، ئامار، ئابوری،زمان)* بەستووە.

**٥. :چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

١. کاریگەریی: کاریگەریی بابەتێکی دیاریکراوە لەسەر بابەتەکانی تر، یان کاریگەرییی شتێکە بەتایبەت شتێکی نوێ لەسەر بارودۆخێک یان کەسێک.
٢. ریکلامی ئەلیکترۆنی: ریکلامی ئەلیکترۆنی، ئەو جۆرە ریکلامە لەگەڵ شێوازەکانی تری ڕیکلام جیاوازە، کە لەڕێگەی تۆرەکانی ئێنتەرنێتەوە لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرو مۆبایلە زیرەکەکان پێشاندەدرێت و بڵاودەکرێتەوە، هەروەها بەشێوەی ڤیدیۆ ودەنگ و وێنە و تێکست و گرافیک نمایش دەکرێت. ئامانجی گۆڕینی تێروانینی بەکاربەرە بۆ بەرهەم و خزمەتگوزارییە نوێکان. (طه ٢٠٠٧، ل٢٨٨)
٣. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بریتین لەو پێگە ئەلیکترۆنیانەی کە تێکەڵاوبوونێکی چوست و چالاک لەنێوان ئەندامەکانی لەناو ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانەدا ئاسان دەکەن و مەبەست لێیان دابینکردنی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

هۆیە جیاوازەکانی بایەخدانە لەوانەی کەیارمەتی تێکەڵبوون لەنێوان ئەندامەکانی دەدەن. زۆرجار نامە گۆڕینەوە، ڤیدیۆ، قسەکردن، فایل گۆڕینەوە، بەکۆمەڵ و دەستە لەگەڵ یەکتر گفتوگۆکردن، پۆستی ئەلیکترۆنی، تیادا ئەنجام دەدرێت.. (Boyd 2007, p2)

٤. قوتابی زانکۆ : ئەو کەسەیە کە تواناى زانستی بواری پێداوە کە بتوانێ بگاتە زانکۆ بەگوێرەی پسپۆری خۆی و ئەو بروانامەیەی، بۆ ئەم مەبەستە ئامادە دەکرێت. قوتابی یەکێکە لە توخمە سەرەکی و کاریگەرییەکانی پرۆسەی پەروەردە لەماوەی پێکهاتنی زانکۆییدا، بەشێوەیەکی چەندایەتی، نوێنەرایەتی ئاستی باڵای دامەزراوەی زانکۆیی دەکات. (حلمي ١٩٩٩، ل٢٥٤)

## دووەم: ریکلامی ئەلیکترۆنی و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان

## تەوەری یەکەم: ریکلامی ئەلیکترۆنی

### ١. پێناسەی ریکلامی ئەلیکترۆنی

توێژەران و پسپۆران پێناسەی جۆراوجۆر بۆ ریکلامی ئەلیکترۆنی دەکەن ، ئەگەرچی پێناسەکان جۆراو جۆرن، بەڵام زۆربەیان لە ناوەڕۆکدا یەکن و لە یەکتریەوە نزیکن، بۆیە لێرەدا چەند پێناسەیەک دەخەی نەڕوو،

ریکلامی ئەلیکترۆنی، بە ریکلامی سەردەم دێتە ناسراوە. ئەم ریکلامە بەنەرمی و کەمی تێچوون و خێرایی بڵاوبوونەوەو ئەو پانتاییە جوگرافیاییە فراوانەی دەیگرێتەوە، جیادەکرێتەوە، کە دەتواندرێت بەشێوەیەکی بەرز و باڵا و ورد، ئاڕاستەی هەموو چین و توێژە دیاریکراوەکان بکرێت. ئەم شێوازەی ڕیکلامکردنە، ئامرازی جۆراوجۆری تێدا دێتە بەکارهێنان، وەکو دەنگ، وێنەی جوڵاو، پارچە ڤیدیۆو...هتد، کە ئەمە وا دەکات، سەرنجڕاکێشترو زیاتر کاریگەرتر بێت، بە بەراورد لەگەڵ ڕێگە کۆن و باوەکاندا، بە تایبەتی لەچاو ڕیکلامی چاپکراودا. (شفيق ٢٠٠٩، ل٢٩)

ریکلامی ئەلیکترۆنی "ئامرازێکی پەیوەندیکردنی فرە کەسییە، کەوا کۆمپانیا و دامەزراوە و تەنانەت تاکەکان بەئامانجی دەستکەوتنی قازانج پەیڕەوی دەکەن. ئەم ریکلامە بۆ بەکاربەران و کڕیاران، کاڵا و خزمەتگوزاری و بیروبۆچوونەکان پێشکەش دەکەن و هەوڵی رازیکردنیان دەدەن". (الزعبى ٢٠١٦، ل١٦٠)

بۆیە دەتوانین بڵێین:-"ریکلامی ئەلیکترۆنی بریتییە لە ئامرازێکی ناتاکەکەسی، کرێ و هەقدەستەکەی دراوە، کە ئامانجی رەواجدانە بۆ کاڵا و خزمەتگوزاری و بیربۆچوونە جیاوازەکان، بە بەکارهێنانی تەکنیکە ئەلیکترۆنییە جیاوازەکان، هەموو ئەمانە بەشێوازێکی سەرنجڕاکێش و داهێنەرانە جێبەجێ دەکات، بۆ سۆز ڕاکێشانی جەماوەرێکی دیاریکراو".

### ٢. ئامانجەکانی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی

ڕێکلامی ئەلیکترۆنی بووەتە بازرگانییەکی جیهانی، کە لە لایەن گەورە دامەزراوە پیشەگەرەکانەوە هەڵدەسوڕێندرێت و قازانجێکی زۆروزوەندیشیان لێ دەست دەکەوێت، هەر بۆیە بوویتە ئامرازێکی بنەڕەتی لە دونیای پێشکەوتوودا.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ریكلامی ئەلیكترۆنی بایەخێكی یەكجار زۆری هەیە، چونكە چەند ئامنجێكی هەیە، دەتوانین سەرجەم ئامانجەكانی ڕیكلامی ئەلیكترۆنی، بەم شێوەیە بخەینەڕوو: (العلاق ٢٠٠٦، ل٨٧)

١- بە بیرهێنانەوەی كاڵاكان یان خزمەتگوزارییەكان بۆ بەكارهێنەرەكانیان.

٢- گۆڕینی ئاراستەی بەكاربەران بۆ ماركە ڕەسەنەكان و خزمەتگوزارییەكان.

٣- گۆڕین و چەسپاندنی تایبەتمەندییەكانی كاڵاو خزمەتگوزارییەكان لەهزری بەكاربەردا.

ئەم ئامانجە بۆ راكێشانی بەكاربەرانی نوێیە بۆ كاڵایەك، لەڕێگەی بەئامانجكردنی تاك. لەرێگەی درخستنی تایبەتمەندییەكانی كاڵاكە، كە پێگە و شوێنێكی دەگمەن و ناوازەی پێ دەبەخشێت لەنێو ئەو كاڵایانەی لە بازاڕدا خراونەتەڕوو، هەر بۆیە كاڵای باش و سەركەوتوو، خەسڵەتەكانی لە كاڵا هاوشێوەكانی دیكەی لە بازاڕدا جیاوازتر بن.

### ٣. ئەركەكانی ریكلامی ئەلیكترۆنی

ئەمرۆ لە توانای هەر بەرهەمهێنێك یاخود بەكاربەرێك هەیە بگاتە خواستی دڵخوازی خۆی بە چاكترین شێواز و كەمترین تێچوون و كورتترین كات و ماوە، هەموو ئەم ئەدگارانەش ڕێكلامی ئەلیكترۆنی دەستەبەریان دەكات، بۆ لایەنەكانی پرۆسەی بازارگەری.

گرینگترین ئەو ئەركانەی دراونەتە پاڵ ریكلامی ئەلیكترۆنی بریتین لە:

١- فەراهەمكردنی زانیاری: ڕیكلامی ئەلیكترۆنی كار دەكات بۆ دەستەبەركردن و فەراهەمكردنی زانیاری، هەر بۆیە سەرهەڵدانی بەرهەم بە برو ڕێژەیەكی زۆر، دەبێتە مایەی ئەوەی، قەبارەی خستنەڕوو پتر بێت، لە قەبارەی خواست.

٢- بەدیهێنانی تێربوون: ڕیكلامی ئەلیكترۆنی ڕۆڵێكی گرینگ ، لە بازارگەری كاڵا و خزمەتگوزاریدا دەبینێت، بەتایبەت ئەو دەمەی بەرهەمەكان ، لە ڕووی خەسڵەتەكانیانەوە هاوشێوە بن. هەر بۆیە هاتنەناوەوەی ڕیكلامی ئەلیكترۆنی، تێربوونێكی دیاریكراو بە بەكابەران دەبەخشێت و تایبەتمەندییەكی كێبەركێكاری لە بازاڕدا بۆ كاڵا و خزمەتگوزارییەكان دروست دەكات.

٣- خێرایی كاریگەری: ڕیكلامی ئەلیكترۆنی بە ئاوێتەیەكی ئەلیكترۆنی دێتە ناسین، كە دەشێت بە سانایی و بە خێرایی بگۆڕدرێت.

٤- ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژەكان: ڕیكلامی ئەلیكترۆنی ڕۆڵێكی گرینگ، لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژەكاندا دەبینێت. دامەزراوەكان لەرێگەی ریكلامی ئەلیكترۆنیدا، بە فێركردنی بەكاربەر لەبارەی شێوازی بەكارهێنانی كاڵاو خزمەتگوزارییەكان و ئەو شوێنانەی ئەو كاڵایانهیان تێدایە، ئەزموندار دەبن. (الزعبی ٢٠١٦، ل١٦٤-١٦٥)

٥- گەیشن بەباشترین بژرادە: ڕیكلامی ئەلیكترۆنی زۆرترین بژاردەدەخاتە بەردەستی بەكاربەران، لەئەنجامی فەراهەمكردنی زانیاری بەكاربەران باشترین بژاردە ڕووی كوالیێتی و نرخ هەڵدەبژرێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## ٤. تایبەتمەندییەکانی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی

دەتوانین تایبەتمەندییەکانی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی بەم شێوەیە بیانخەینە ڕوو:-

١- کارلێککردن: بەکاربەران دەتوانن کارلێککردن لەگەڵ ماڵپەڕەکانی ڕیکلامدا بکەن (بۆ داواکردنی زۆرترین زانیاری یاخود بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان). بەکارهێنەر لەڕێگەی کلیکێک دەتوانێت، زانیاری تەواو لەبارەی خەسڵەتەکانی بەرهەم و کاڵاکانەوە لەو ماڵپەڕانەدا وەربگرێت و هەموو شتێک بزانێت، تەنانەت بەکاربەر دەتوانێت ئەزمون لە کاڵاکە وەربگرێت و لەهەمان کاتدا کارلێککردن لەگەڵیدا دروست بکات. وەک بەرنامە ڕیکلامگەرییەکان، کە هەموو بەکارهێنەرێک دەتوانێت کۆپییەک یاخود وێنەیەکی دەست بکەوێت و لە مۆبایلەکەی یان لەکۆمپیوتەرەکەیدا داونلۆدی بکات و زانیاریی پێویست لەبارەی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانەوە دەست بخات.

٢- بەخێرایی گەیشتن بە جەماوەر: ڕیکلامی ئەلیکترۆنی یاخود ڕیکلامی تۆڕی ئینتەرنێت، بە درێژایی ٢٤ کاتژمێرو بە درێژایی هەفتە بەردەستە، هەر ئەمە دەرفەتێکی چاکی بۆ کۆمپانیا ڕیکلامکارەکان ڕەخساندووە، کە ڕۆژانە دەتوانێت چاودێری و بەدواداچوونی ورد بۆ هەڵمەتە ڕیکلامییەکانی خۆی بکات یاخود نوێی بکاتەوە.

٣- دابەزینی تێچوون: ڕیکلامی ئەلیکترۆنی لەچاو ئامرازەکانی دیکەوە تێچوونی لە ٢٥٪ کەمترە، ئەمە زیاتر بەهۆی فەراهەمبوونی ژێرخانی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و پەرەسەندنی بەرنامەی زانیارییەکانەوە. (صبرة ٢٠٠٩، ل٢٥٤)

٤- جیهانیبوونی خستنەڕووی ڕیکلام: ڕیکلامی ئەلیکترۆنی، بەبەراورد بەجۆرەکانی تری ریکلام، زۆر سەرکەوتووترە، ئەمە بەهۆی ئەو توانا و هێزمەندییە ناسنووردارییەی، کە لە ئاستی جیهاندا هەیەتی، بە بێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ کۆتوبەند و یاسا و سنووربەندییەکی ئەوتۆی ڕیکلام ببێتەوە، هەروەها بەبێ ئەوەی پەنا بۆ ئامرازی جۆراوجۆری تر ببات. (وایت ٢٠١١، ل٣٢٤)

٥- توانای کڕینی ڕاستەوخۆ و یەکسەر: ڕیکلامی ئەلیکترۆنی دەرفەتی کڕینی یەکسەر و خێرای ڕەخساندووە بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، زانینی نرخیان و سپاردن لە میانی ئامرازی جۆراوجۆردا، وەک کارتی ڕاسپاردن و بانکی ئەلیکترۆنی. بۆئەوەی یەکسەرو بە خێرایی ڕەوانە و باربکرێت بۆ کڕیار.

٦- توانای دەستکەوتنی زانیاری لەبارەی کاڵاکە یاخود خزمەتگوزارییەکەوە: تاکی بەکارهێنەر دەتوانێت بڕێکی یەکجار زۆر لە زانیاریی ئاماری، لەبارەی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانەوە دەستبکەوێت. (العبدلي ٢٠١١، ل٢٢٥)

٧- پۆلێنکردنی بازاڕ: ڕیکلامی ئەلیکترۆنی بازاڕ بۆ چەند لایەنێکی جیاواز دەکات و پۆلێنیان دەکات، وەک تەمەن، ڕەگەز...هتد. (عەبدوڵڵا ٢٠١٤، ل٤٠)

٨- تەواوکاری فرەیی ئامرازەکان: ڕێکلامی ئەلیکترۆنی دەرفەتی فرە و جۆراوجۆر دەڕەخسێنیت، هەر لە تێکستەوە بیگرە تاوەکو بەکارهێنانی دەنگ و ڕەنگەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## تەوەری دووەم: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

### ١- پێناسەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان:- "هێزێکی ڕاستەقینەی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، کە بە شۆڕشێکی نوێی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن سەرنجی دەدرێتێ و تێبینی دەکرێت". باشترین چەمک بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی، دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی بکەین:- "کۆمەڵێک جۆری نوێیە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی، کە بەشداری لەزۆرینەی یاخود هەموو ئەو تایبەتمەندییانە دەکات، لە هەر بەشداروونبوونێکەوە تاوەکو دەگاتە تێچوون و کراونەوە و هۆشیاری و هەڤپەیڤین و کارلێککردنەوە" (Kehinde Fasae. ect 2016, p213).

هەندیک لە توێژەران تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەم شێوەیە پێناسە دەکەن:- "بریتییە لە خزمەتگوزاری، کە پرۆگرامسازی لە لایەن گەورە کۆمپانیاکانەوە بۆ دەکرێت، لەپێناو کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارەی بەکارهێنەر و هاوڕێیاندا، کە خولیا و حەز و ئارەزوو و چالاکی هاوبەش و بایەخپێدانی هاوبەشیان هەبێت، کە بە دوای هاوڕێیاندا دەگەڕێن. هەروەها بایەخپێدان و چالاکی هاوبەش، لەگەڵ کەسانی دیکەدا کۆیان دەکاتەوە، جا هاوبەشییەکە لە ڕووی هزرییەوە بێت یاخود هەر لایەنێکی دیکەوە. ئەم پێگانە، خزمەتگوزاری بیرو ڕا گۆڕینەوە و گوتووێژکردنی یەکسەر و نامەگۆڕینەوەی گشتی و تایبەت فەراهەم دەکەن، کە تیایدا چەندین ئامرازی جۆراوجۆر ئاوێتەی یەکتر دەبن و هەروەها لە دەنگ و وێنە و ڤیدیۆ و چەندان فایلی دیکەدا بەشداردەبن. هەر بۆیە ئەم خزمەتگوزارییانە وایکردووە، ملیۆنان بەکارهێنەر لە تەواوی وڵاتە جیاوازەکانەوە بۆ خۆی ڕابکێشێت" (المقدادي ٢٠١٧، ل٣١).

### ٢- تایبەتمەندییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:-

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ پێگەکانی دیکەی نێو تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا بە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی جیادەکرێنەوە، لێرەدا دەیانخەینە ڕوو:-

١- سانایی بەکارهێنان: سەوداکاري لەگەڵ تۆڕەکانی کۆمەڵایەتیدا، پێویستی بە شارەزاییەکی زۆر نییە، بۆ ئەوەی کارلێک لەگەڵ ناوەخنەکەیدا بکرێت، هەروەها بەکارهێنەرانی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی، پێویستییان بە شارەزایی و مەشقکردن و ڕاهێنانێکی ئەوتۆ نییە. (الداغر ٢٠١٣، ل٥٢)

٢- کارلێککردن: لە ئامرازەکانی میدیای کلاسیکی تەنها مامەڵە لەگەڵ جەماوەر (وەرگر) دەکرێت، بەڵام لەسەردەمی شۆڕشی گەیاندن و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا، هاووڵاتی بڕیار دەدات کە ئایا زانیاری وەردەگرێت یاخود نا، هەروەها کاتی کارلێکردن و دیالۆگ ڕۆڵی ئەو وەرگرە بۆ نێرەر دەگۆڕێت و هەر خۆی بڕیاری لەسەر دەدات. (المقدادي ٢٠١٧، ل٤٣)

٣- شوێن: تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان سەرجەم بەربەستە جوگرافییەکان دەبڕن، کەلە بەرەبەیانی مێژووەوە بوونەتە بەربەست لەبەردەم بڵاوبوونەوەی هزری ئاوێتە بوونی کەلتور و ئاڵوگۆڕی زانین لە نێوان تاک و میللەتاندا، بەڵام لەسەردەمی جیهانگیریدا زانیاری گەلێک زۆر و تەنانەت سنورەکان دەبڕن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

٤- کات: پرۆسەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی زانیارییەکان لەنێو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان زۆر خێرا بەڕێوە دەچێت، بەشێوەک هەرکە بابەتەکە بڵاوکرایەوە یەکسەر دەکەوێتە بەر دیدی بەکارهێنەران. (اللبان ٢٠١١، ل٧٣)

٥- ئابوری لەبەکارهێنان: خزمەتگوزاری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بووە بە یەکێک لە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی ژیانی گشتی کە بە خۆڕایی یان نیمچە خۆڕایی بۆ هەمووان فەراهەم دەکرێت. (Turkler 2011, p13)

٦- پێکەوەلکاندنی ئامرازی کۆن و نوێ:- تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆتە ناوەندێک بۆ بەستنەوەی ئامرازە کۆن و نوێکان بەیەکەوە، هەربۆیە ئامرازەکانی میدیای کلاسیک بەتایبەتی تەلەفزیۆن پەخشی لەسەر تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەکات، هەروەها تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و ئامرازی گەیشتن بە وەرگر بەکاردەهێنن. (قتلوني ٢٠١٦، ل٩٨)

٧- فرەچەشنی: خزمەتگوزارییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان فرە جۆرن وەک خزمەتگوزاری ئاینی و رۆشنبیری و فێرکاری و پەروەردەیی و خزمەتگوزاری گەیاندن و بازرگانی لە تەواوی جیهاندا، هەروەها وەک بازارێکی بچووک وایە بۆ کریاران لەماوەی ٢٤ کاتژمێر کراوەیە، هەروەها هۆکارێکی خۆشگوزارەانی و کات بەسەربردەنە

**٣- ڕێکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان:-**

زۆربەی کۆمپانیا گەورەکان سـوود لە ئەزمونی پسـپۆرەکانی بواری ڕێکلام و بازارکردن وەردەگرن. تۆڕەکۆمەڵایەتییەکـان وەک ئـامرازێـک بەکـاردەهێنن بۆ برەودان بەکـاڵاو خزمەتگوزارییەکـان. هەڵمەتی ڕێکلامکردن ڕێکـدەخەن بەلەبەرچـاوگرتنی چین و توێژە جۆراوجۆرەکـانی بەکـارهێنەرانی ( Facebook, Instagram, Youtube, LinkedIn, Twitter.My space, google+) کە لە ڕێگەی ئەم پێگە ئەلیکترۆنیانە کاری بۆ دەکرێت، جونکە هەر پێگەیەک دەرامەت و ئامارەکانی دەخاتە بەردەست، بەمە گەیشتن بەهەرتوێژێکی دیاریکراو بەئامانج گرتنیان لە ڕێگەی ڕێکلامەوە هاوشانی بایەخەکانیان دەبێت، کە ئەمە کارێکی ساناو ووردە، سـوودی ئەم ڕێکلامانە لەجۆر بەجۆری ئەو توێژانەیە کە ئەم پێگانە بەشـێوەیەکی بەرفرەوان و بەردەوام بەکاردەهێنێت. ئەم خزمەتگوزاریانە ئەوکاتەی کە کۆمپانیاکان ویسـتی ڕێکلامیان لەسـەر هەریەکە لەو تۆڕەکۆمەڵایەتییانە،زیاتر بەکاردەهێندرێن. کە دەتوانن بینەرانی ئەو ڕێکلامە جیاوازانە بەشێوەیەکی زۆر وورد و ڕێک وپێک، دیاری بکەن، یاخود بەشـێوەیەک کەتا ئێسـتا هیچ حزمەتگوزارییەکی ڕێکلامکردنی پێشـکەش کردبێت. (صادق ٢٠٠٨، ل٣٣٢)

بۆیەکەمجار ڕێکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی لە شـاری نیۆرک دەرچووە، (مارک زوبیرگ) ی دامەزرێنەری فەیسـبووک بڕوای وایە سـەردەمی ڕێکلامە دوورو درێژو ئاڕاسـتە کراوەکان بۆ جەماوەر بۆتە بەشـێک لە ڕابردوو. هەروەها پێشـبینی ئەوە دەکات کە ڕێکلامی ئەلیکترۆنی لە ئاڕاسـتە کردن زۆر ووردبین بووە، بەتایبەت کاتێک کە ئاڕاسـتەی گروپێک یان کۆربەندێکی دیاریکراو دەکرێت، تا دەبێتە ڕێکلامێکی تاکەکەسـی ڕاسـتەوخۆ. لەلایەکی تر تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان گرنگی زیاتر بەوانە دەدەن کەخولیای ئاڵوگۆڕی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ئارەزووەکانیانن ئامۆژگاریان دەکەن و دەربارەی ئەو کاڵاو خزمەتگوزارییانەی لە ژیانی ڕۆژانەیان بەکاریان دەهێنین.

ئەمە هانمان دەدات کە بڵێین پەیوەندی لە نێوان تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و بەشداربووانی گەیشتووتە قۆناغێک کە ئەوەی تێپەڕاندووە تەنها ئەندام بوون لە نێو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بێت، بەڵکو زانیارییەکانی ئەندامانی نێو تۆڕەکان مایەی گرنگی پێدانە لەلایەن ئەو کۆمپانیانەی کە ڕیکلامەکانیان لەنێو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکەنەوە. ئەم زانیارییانە کارو ڕەواجی کۆمپانیاکان ئاسانتر دەکات، هەربۆیە بەردەوام ڕێگەی نوێ دەدۆزێتەوە تابگاتە بەشداربووان، بەتایبەت ئەو توانایەی هەیە کە زانیاری تایبەت و دیاریکراو بدات وەک (تەمەن، ڕەگەز، شوێن، کار، ئاستی خوێندەواری) و چەندین زانیاری تر کە بەشداربووانی تۆڕی کۆمەڵایەتی لەسەر لاپەڕە و ئەکاونتە تایبەتەکەیان دایانناوە. (المحمدي ٢٠١٥، ل٢٧٨)

دەست پێشخەری تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لە بلاوکردنەوەی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی، دوایی چەند ڕۆژێک لەو کۆنفراسەی لیژنەی فیدراڵی ئەمەریکی بۆ بازرگانی ئەنجامیدا، نیگەرانی بەئامانج گرتنی ژیانی تایبەتی خەڵک و تایبەتمەندییەکانی و هەروەها ڕیکلامی ئەلیکترۆنی پیشاندا. بەتایبەت ئەوانەی کە دەیانەوێت بەگروپێکی دیاریکراوی خەڵک گەن، کە توانای وەرگرتنی مافی خۆیان هەیە. ئەوەی زیاتر جێگای تێڕامانە، ئەوەی ڕاگەیاندنی ئەو بۆندەیە کە دامەزرێنەری فەیسبووک لەگەڵ کۆمپانیای مایکرۆسۆف ئەنجامیدا، بڵاوکردنەوەی ڕیکلامەکانی لەنێو تۆڕی کۆمەڵامەیەتی فەیسبووک کە بەهاکەی 240 ملیۆن دۆلارە، هەر ئەوەبوو ڕیکلامی ئەلیکترۆنی دەرفەتی بازارگەری ئەلیکترۆنی دروستکردو وایکرد کاڵاو خزمەتگوزارییەکان هەر لە ڕێگای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ئەنجام بدرێت. ئەمە ئاسانکاری بۆ بەکاربەر و فرۆشیار کرد، لە گەڕانەوەی کاتێکی زۆرو هەروەها لە رووی نرخەوە ڕەنگە هەرزانتر بێت. جگە لەمانە بەکاربەر دەتوانێ لە نێو زۆرترین بژاردە و باشترین و گونجاوترین کاڵاو خزمەتگوزاری، هەڵبژێرێت. (قتلوني ٢٠١٦، ل٣٣١)

**٤- هۆکارەکانی سەرکەوتنی ڕیکلام لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان**

زۆر پێوەر بۆ دیارکردنی سەرکەوتنی ڕیکلام لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کە پێویستە لە ڕیکلامەکاندا بوونیان هەبێت، هەیە، لەمانە:-

١- گرنگی ناوەڕۆکی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی و شێوازی خستنەروو: پێویستە ڕیکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان زیرەکانە کارلێکی لەگەڵ بەکارهێنەرانی بکات، بەشێوەیەکی گونجاو ئەوەی کە باس دەکات پێویستە دیاریکراوبێت. گرنگە بزانیَن ناوەڕۆکی ڕیکلامەکە چیە و چۆن دەتوانی سەرەنجی وەرگر ڕابکێشێت و کاریگەریی لەسەر دروست بکات. شێوازی ئاڕاستەکردنی پەیامەکە، بەکارهێنانی بنەماکانی دروستکردنی کاریگەریی لەسەر سۆز و ئەندیشەی وەرگر، ئەمە بەخستنەرووی لایەنە باشەکانی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەک وا پیشانبدرێت کەوا باشترین کاڵا و خزمەتگوزارییەو حەزکانی بەکارهێنەر پردەکاتەوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

٢- داهێنان لە ڕیکلامکردن: ڕێکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان پێویستە خۆی لە ڕێکلامی کلاسیک بەدوور بگرێت، بەڵکو دەبێت داهێنان لە شێوازەکاندا بکات، بۆ نموونە لەڕێکلامە نووسراوەکان ڕێکلامی بانەرbanner دا لەبەرئەوەی تەنها نووسینە بە بەکارهێنانی گرافیک پێویستە گۆرانگاری تێدا بکات، بۆیە پێویستە کۆمپانیاکانی ڕیکلامکردن بەدوایی شێوازە تازە و داهێندراوی ڕێکلامدا بگەڕێن و بنەمای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەهەند وەربگرن.

٣- کارلێکردنی بەردەوام لەگەڵ وەرگر: هەبوونی بینەرو خوێنەری پەیچەکەت بەواتای ئەوە نایەت کە ئەوەی مەبەستە بەدەستت هێناوە، بەڵکو بەردەوام بەدوای ئەوانەدابگەڕێ کە بەشداربوون و کۆمێنت دەکەن، ئەمە خۆی بەدواداچوونی دروستە کە کۆمپانیا بازرگانییەکان بەدوایدا دەگەڕێن.

٤- سەرکەوتنی ڕێکلامی ئەلیکترۆنی تەنها بە ژمارەی بەدواداچوون و بەشداربووان ناپێورێت، بەڵکو بە کارلێکی نێو ناوەڕۆکی پەیامی تۆڕەکە، سەرپەرشتیارانی تۆڕەکان ئەلەنگارییەکی ڕاستەقینەیان دێتە بەردەم کە پێشکەشکردنی ئەو پەیامەیە کەوا هانی کارلێکردن و بەشداربووان دەدات. هەروەها پێکەوەبەستنی کڕیاران پێەو دەکات و بەشێوەیەکی کاریگەر پەیامی بەبازارکردنیان پێ دەگەینێت. (Todi 2008, p25-26)

٥- دیاریکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی گونجاو: پەیامی گونجاو یەکێکە لە توخمە گرنگەکان کە ڕۆڵی لەسەرکەوتنی ڕێکلامکردندا هەیە، بەڵام بەردەستبوونی پەیامی گونجاو تەنها بەس نیە، بەڵکو دەبێت ئەم پەیامە بەشێوەیەکی گونجاو بگەیندرێت. کەوا پشت ببەستێ بەزیاتر لەتۆڕێک لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، وەک فەیسبووک، ئینستاگرام، تویتەر، یوتوب. لەپێناو زامنکردنی گەیشتن بە ژمارەیەکی زۆرتری وەرگری ئاڕاستەکراو. (الصمیدعي، ردینة ٢٠٠٧، ل١٨)

## سێیەم: لایەنی مەیدانی

## شیکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسی و خستنەڕووی زانیارییەکانی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا توێژەران هەڵسا بە وەرگرتنی نموونەیەک لە قوتابیانی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، بە مەبەستی وورد بوونەوە، دوای گەڕانەوەی فۆرمەکان, توێژەر کرداری بەتاڵکردنی ئەنجامدا بۆ زانیارییە بەدەست هاتووەکانی ناو فۆرمەکە، کە پێکهاتووە لە (7) خشتە، لە خوارەوە زانیارییەکان لە شێوەی خشتەبەند پۆلێن و ڕێکخراو روونکراوەتەوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

**خشتەی(1) زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوە**

| | | دووبارەبوونەوە | ڕێژەیی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 164 | %54.7 | یەکەم |
| | مێ | 136 | %45.3 | دووەم |
| قۆناغ | یەکەم | 179 | %59.7 | یەکەم |
| | دووەم | 53 | %17.7 | دووەم |
| | سێیەم | 30 | %10.0 | سێیەم |
| | چوارەم | 38 | %12.6 | چوارەم |
| باری دارایی | باش | 20 | %6.7 | سێیەم |
| | مام ناوەند | 217 | %72.3 | یەکەم |
| | خراپ | 63 | %21.0 | دووەم |
| پسپۆری | ئەندازیاری | 134 | %44.7 | یەکەم |
| | کارگێری | 92 | %30.7 | دووەم |
| | پزیشکی | 74 | %24.7 | سێیەم |

لەم خشـــتەیە کە زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوە دیاری دەکات لە تەوەری یەکەمدا ڕەگەزی نموونەی توێژینـەوە روون دەکاتـەوە، ڕەگـەزی نێر لـە نموونـەی توێژینـەوە بـەڕێژەی(%54.7) بـە پلـەی یـەکـەم هـاتووە بـە(164) دووبـارەبوونـەوە، ڕەگـەزی مێ لـە نموونـەی توێژینـەوە بـە پلـەی دووەم دێت بـەڕێژەی(%45.3) بە(136) دووبارەبوونەوە.

ڕەنگە ڕێژەی جیاوازیەکەش ئەگەر چی زۆر نییە، بەڵام بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ژمارەی قوتابیانی کوڕ زیاترە لە ژمارەی قوتابیانی کچ، ئەمەش شتێکی ئاساییە و ڕەنگە لە کۆلێژێکی دیکە ئەمە پێچەوانە.

هەورەها زانیاری لەبارەی قوناغی نموونەی توێژینەوە قۆناغی یەکەم بەڕێژەی(%59.7) بە پلەی یەکەم هاتووە بە(179) دووبارەبوونەوە، قۆناغی دووەم لەنموونەی توێژینەوە بە پلەی دووەم دێت بەڕێژەی(%17.7) بـە(53) دووبـارەبوونـەوە، هـەروەهـا لـەپلـەی ســـێیـەمـدا قۆنـاغی چوارەم دێت بـەڕێژەی(%12.6) بـە(38) دووبارەبوونەوە. لەپلەی چوارەم و کۆتایدا قۆناغی ســـێیەم دێت بەڕێژەی(%10.0) بە(30) دووبارەبوونەوە دێت.

ئەگەر سەرەنجی بدەین قوناغی خوێندنی نموونەی توێژینەوە ژمارە ی قوتابیانی قۆناغی یەکەم یەکجار زۆرە بە بەراوردکردنی قوتابیانی سێ قۆناغەکەی تر و ژمارەکە زیاترە لە هەر سێ قۆناغ ، ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ســـاڵی ڕابردوو ژمارەیەکی زۆر خوێندکاران و قوتـابیـان لە زانکۆ و پەیمـانگاکان


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

وەرگیراون . سەرەڕای ئەمەش بۆ یەکەمجار خوێندنی ئێواران لە کۆلێژەکانی زانکۆی پۆلیتەکنیکی کرایەوە لە قۆناغی یەکەم وەرگیران.

هەرچی باری دارایی نموونەی توێژینەوە، باری دارایی مام ناوەند بە پلەی یەکەم بەڕێژەی(72.3%) هاتووە بە(217) دووبارەبوونەوە، باری دارایی خراپ بە پلەی دووەم دێت بەڕێژەی(21.0%) بە(63) دووبارەبوونەوە، هەروەها لە پلەی سێیەمدا باری دارایی باش بەڕێژەی(6.7%) بە(20) دووبارەبوونەوە دێت.

ئەگەر سەرەنجی باری دارایی نموونەی توێژینەوە بدەین باری دارایی باش لە بەرامبەر باری دارایی مام ناوەند و خراپ ڕێژەییان زۆر کەمترە، ڕنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخەی دارایی هەرێمی کوردستان پێدا تێپەری لە کەمکردنەوەو نەدان و پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران.

هەروەها لە پسپۆری نموونەی توێژینەوە، پسپۆری ئەندازیاری بەپلەی یەکەم بەڕێژەی(44.7%) هاتووە بە(134) دووبارەبوونەوە، پسپۆری کارگێری بە پلەی دووەم دێت بەڕێژەی(30.7%) بە(92) دووبارەبوونەوە، هەروەها لە پلەی سێیەمدا پسپۆری پزیشکی بەڕێژەی(24.7%)، بە(74) دووبارەبوونەوە دێت.

ئەگەر سەرەنجی ئەم ڕێژەیە بدەین پسپۆری ئەندازیاری زۆرە لەبەرامبەر پسپۆرییەکانی کارگێری و پزیشکی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ زۆر بەشەکان لە کۆلێژی ئەندازیاری لەبەرامبەر کۆلێژەکانی کارگێری و پزیشکی.

**خشتەی(2) کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لای توێژینەوە**

| کاتژمێری بەکارهێنان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەیی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|
| کەمتر لە 1 کاتژمێر | 15 | %5.0 | پێنجەم |
| 1-2 کاتژمێر | 62 | %20.7 | سێیەم |
| 3-4 کاتژمێر | 105 | %35.0 | یەکەم |
| 5-6 کاتژمێر | 67 | %22.3 | دووەم |
| زیاتر لە 6 کاتژمێر | 51 | %17.0 | چوارەم |
| کۆی گشتی | 300 | %100 | |

ئەم خشتەی سەرەوە کە ژمارەی کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەلایەن نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە، زۆرینەی نموونەی توێژینەوە ڕۆژانە(3-4 کاتژمێر) تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، لە پلەی یەکەم بە ڕێژەی(35.0%) هاتووە بە (105) دووبارەبوونەوە. هەروەها ئەوانەی ڕۆژانە (5-6 کاتژمێر) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن لە پلەی دووەم دێت بەڕێژەی(22.3%) بە(67) دووبارەبوونەوە. لەپلەی سێیەمدا نموونەی توێژینەوەی (1-2 کاتژمێر) تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن بەڕێژەی(20.7%) بە(62) دووبارەبوونەوە. لەپلەی چوارەم، بەڵام ئەوانەی زیاتر لە 6 کاتژمێر تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، بەڕێژەی(17.0%) بە(51) دووبارەبوونەوە دێت. لە دواییدا بە پلەی پێنجەم ئەوانەی(کەمتر لە 1 کاتژمێر) دێت، بەڕێژەی(5.0%) بە(15) دووبارەبوونەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ئەگەر سەرەنج بدەین لەم خشتەیەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت نموونەی توێژینەوە کە قوتابیانی زانکۆن بەڕێژەیەکی زۆر بەرز بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی بەشەکان خوێندنیان زانستین لە پسپۆڕیەکانی ئەندازیاری و پزیشکین.

**خشتەی(3)ڕادەی بەرکەوتنی نموونەی توێژینەوە بەریکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان**

| ڕادەی بەرکەوتن | دووبارەبوونەوە | ڕێژەیی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | 87 | %29.0 | دووەم |
| تارادەیەک | 150 | %50.0 | یەکەم |
| کەم | 63 | %21.0 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 300 | %100 | |

لەئەنجامی ئەم خشتەیەدا کە ڕادەی بەرکەوتنی نموونەی توێژینەوە بە ریکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان روون دەکاتەوە، ئەوانەی تارادەیەک بەرکەوتنیان لەگەڵ ڕێکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان هەیە. بەپلەی یەکەم بەڕێژەی(%50.0) هاتووە بە(150) دووبارەبوونەوە، هەرچی ئەوانەی زۆر بەرکەوتنیان لەگەڵ ڕێکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، بە پلەی دووەم بەڕێژەی(%29.0) بە(87) دووبارەبوونەوە دێت. هەروەها لەپلەی سێیەمدا ئەوانەی کەم بەرکەوتنیان لەگەڵ ڕێکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، بەڕێژەی(%21.0) بە(63) دووبارەبوونەوە دێت.

ئەگەر سەرەنج بدەین ڕادەی بەرکەوتنی نموونەی توێژینەوە بە ڕێکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستێکی بەرز دایە بەو واتاییە کە بەشی زۆری قوتابیانی زانکۆ لەگەڵ ڕێکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەرکەوتنیان هەیە ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بەرێژەیەکی زۆر بەرز بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن .

**خشتەی(4) گرنگترین ئەو تۆڕەکۆمەڵایەتییانە کە بەکاردێت لەلایەن نموونەی توێژینەوە**

| تۆڕەکۆمەڵایەتی | بەڵێ | | نەخێر | | کۆی گشتی | | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە بوونەوە | ڕێژەیی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەیی سەدی | | | |
| فەیسبوک | 219 | %73.0 | 81 | %27.0 | 300 | %100 | شەشەم |
| تویتەر | 61 | %20.3 | 239 | %79.7 | 300 | %100 | دەیەم |
| یوتیوب | 240 | %80.0 | 60 | %20.0 | 300 | %100 | سێیەم |
| ئینستاگرام | 227 | %79.0 | 63 | %21.0 | 300 | %100 | چوارەم |
| سناپ چات | 233 | %77.7 | 67 | %22.3 | 300 | %100 | پێنجەم |
| لینکدئن | 18 | %6.0 | 282 | %94.0 | 300 | %100 | یازدەهەم |
| ڤایبەر | 255 | %85.0 | 45 | %15.0 | 300 | %100 | دووەم |


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| واتس ئەپ | 125 | %41.7 | 175 | %58.3 | 300 | %100 | حەوتەم |
| گۆگل پلەس | 111 | %37.0 | 189 | %63.0 | 300 | %100 | نۆیەم |
| مێسنجەر | 268 | %89.3 | 32 | %10.7 | 300 | %100 | یەکەم |
| هیتر | 119 | %39.7 | 181 | %60.3 | 300 | %100 | هەشتەم |

ئەم خشتەی سەرەوە گرنگترین ئەو تۆڕەکۆمەڵایەتییانە کە بەکاردێت لەلایەن نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە، لە پلەی یەکەمدا تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان مێسنجەر بە(268) دووبارەبوونەوە بەڕێژەی(89.3%) بەکاردێنن، بەڵام ڕێژەی(10.7%) بە(32) دووبارەبوونەوە مێسنجەر بەکارناهێنن. لە پلەی دووەمدا ڤایبەر دێت بە(255) دووبارەبوونەوە لەکۆی گشتی نموونەی توێژینەوە بەڕێژەی(85.0%) بەکاردەهێنن، لەبەرامبەردا بە(45) دووبارەبونەوە، بەڕێژەی(15.0%) ڤایبەر بەکارناهێنن. لە پلەی سێیەمدا یوتیوب بە(240) دووبارەبوونەوە بە ڕێژەی(80.0%) بەکاردێت، کەچی ڕێژەی(20.0%) بە(60) دووبارەبوونەوە یوتیوب بەکارناهێنن. لە پلەی چوارەمدا ئینستاگرام بە(237) دووبارەبوونەوە بەڕێژەی(79.0%) بەکارهاتووە، لەلایەن نموونەی توێژینەوە لەبەرامبەردا ڕێژەی(21.0%) بە(63) دووبارەبوونەوە ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتییە بەکارناهێنن، لە پلەی پێنجەم تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان سناپ چات بە(233) بەڕێژەی(77.7%) بەکاردێت لەلای نموونەی توێژینەوە، بەڵام ڕێژەی(22.3%) بە(67) دووبارەبوونەوە سناپ چات بەکارناهێنن. لە پلەی شەشەمدا تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان فەیسبوک بە(219) دووبارەبوونەوە بەڕێژەی(73.0%) بەکاردەهێنن. ڕێژەی(27.0%) نموونەی توێژینەوە بە(81) دووبارەبوونەوە بەکارهێنەرانی فەیسبوک نین.

لەکاتێکدا تۆڕی واتس ئەپ لەپلەی حەوتەم بە(125) دووبارەبوونەوە بەڕێژەی(41.7%) بەکاردێت، لەگەڵ ئەوەدا ڕێژەی(58.3%) بەکارهێنەری ئەم تۆڕە نین بە(175) دووبارەبوونەوە. لە پلەی هەشتەمدا جگە لەم تۆڕەکۆمەڵایەتیانە تۆڕی کۆمەڵایەتی تر بە(119) دووبارەبوونەوە، بەڕێژەی(39.7%) دێن. لە پلەی نۆیەمدا گۆگل پلەس دێت بە(111)، بەڕێژەی(37.0)، بەڵام ڕێژەی(63.0%) بە(189) دووبارەبوونەوە بەکارهێنەرانی گۆگل پلەس نین، لەکاتێکدا لە پلەی دەیەمدا تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر لەلای نموونەی توێژینەوە بە(61) بەڕێژەی(20.3%) بەکاردەهێنن، کەچی ڕێژەی(79.7%) بە(239) دووبارەبوونەوە بەکارهێنەری تویتەر نین. لە پلەی یازدەهەم و کۆتایدا تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لینکدئن بە(18)،بەڕێژەی(6.0%) بەکاردێت. زۆربەی نموونەی توێژینەوەی بەڕێژەی(94.0%) بە(282) دووبارەبوونەوە بەکارهێنەری لینکدئن نین.

ئەوەی جێگای تێبنی یە نموونەی توێژینەوەی زۆربەیان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک(مێسنجەر، ڤایبەر، یوتوب، ئینستاگرام، سناپ چات، فەیسبوک) بەکاردەهێنن لەبەرامبەریشدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک(تویتەر، لینکدئن) بەڕێژەیەکی کەم بەکاردێت لەلایەن نموونەی توێژینەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

**خشتەی(5) مەبەستی بەکاردەهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن نموونەی توێژینەوەکە**

| مەبەستی بەکارهێنان | بەڵێ | | نەخێر | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە بوونەوە | ڕێژەیی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەیی سەدی | | |
| بۆ وەرگرتنی زانیاری | 289 | %96.2 | 11 | %3.8 | 300 | %100 |
| بۆکات بەسەربردن | 183 | %61.0 | 117 | %39.0 | 300 | %100 |
| بۆ ناسینی هاوڕێی نوێ | 71 | %23.7 | 229 | %76.3 | 300 | %100 |
| بۆ ئاگاداربوون لەکاڵا و خزمەتگوزاری | 201 | %67.0 | 99 | %33.0 | 300 | %100 |
| بڵاوکردنەوەی ڕاوبۆچون و کاروچالاکی | 191 | %63.7 | 109 | %36.3 | 300 | %100 |
| پەیوەندیکردن بە دۆست و هاوڕێیان | 278 | %92.7 | 22 | %7.3 | 300 | %100 |
| هیتر | 160 | %53.3 | 140 | %46.7 | 300 | %100 |

لەم خشتەیەدا مەبەستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەلایەن نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە. ئەوانەی بۆ وەرگرتنی زانیاری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، لە پلەی یەکەم دێن، بە(289) دووبارەبوونەوە بەڕێژەی(%96.2) کەچی بە(11) دووبارەبوونەوە، بەڵام بەڕێژەی(%3.8) بۆ ئەم مەبەستە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکارناهێنن. هەرچی ئەوانەی بۆ پەیوەندیکردن بە دۆست و هاوڕێیان لە پلەی دووەمدا هاتووە بە(278) دووبارەبوونەوە بەڕێژەی(%92.7) لەبەرامبەردا بە(22) دووبارەبوونەوە بەڕێژەی(%7.3) تۆڕی کۆمەڵایەتی بۆ پەیوەندیکردن بە دۆست و هاوڕێیان بەکارناهێنن. لەکاتێکدا بۆ ئاگاداربوون لەکاڵا و خزمەتگوزاری نوێ لە پلەی سێیەمدا دێت بە(201) دووبارەبوونەوە بەڕێژەی(%67.0) هاتووە لەگەڵ ئەوەدا(99) دووبارەبووەنەوە بەڕێژەی(%33.0) بۆ ئەم مەبەستە تۆڕەکۆمەڵایەتی بەکارناهێنن. هەروەها ئەوانەی بۆ بڵاوکردنەوەی ڕاوبۆچون و کار و چالاکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن لە پلەی چوارەم هاتووە بە(191) دووبارەبوونەوە بەڕێژەی(%63.7) کەچی ئەوانەی بەکاری ناهێنن بە(109) دووبارەبوونەوە بەڕێژەی(%36.3) دێت. لە پلەی پێنجەمدا ئەوانەی دەبینددرێن کە بۆکات بەسەربردن تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن بە(183) دووبارەبوونەوە بەڕێژەی(%61.0)، بەڵام ئەوانەی بەکارناهێنن ڕێژەیان(%39.0) بە(117) دووبارەبوونەوە. کەچی لە پلەی شەشەمدا ئەوانە دێن تۆری کۆمەڵایەتی بۆ مەبەستی تر بەکاردەهێنن بە(160) بەڕێژەی(%53.3). لە پلەی حەوتەم و کۆتایدا نموونەی توێژینەوەی بۆ ناسینی هاوڕێی نوێ تۆڕەکۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن بە(71) دووبارەبوونەوەوە بەڕێژەی(%23.7) هەرچی ئەوانەی بۆ ئەم مەبەستە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەکارناهێنن ڕێژەیان(%76.3) بە(229) دووبارەبوونەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

خشتەی(6) دیارترین ئەو ڕیکلامانەی لەڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە زیاتر سەرەنجی نموونەی توێژینەوە ڕادەکێشی

| جۆری ڕیکلام | بەڵێ | | نەخێر | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە بوونەوە | ڕێژەیی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەیی سەدی | | |
| ڕیکلامی کاڵا | 215 | %71.7 | 85 | %28.3 | 300 | %100 |
| ڕیکلامی داشکاندنەکان | 187 | %62.3 | 113 | %37.7 | 300 | %100 |
| ڕیکلامی خواردن و خواردنەوە | 175 | %58.3 | 125 | %41.7 | 300 | %100 |
| ڕیکلامی کتێب، پێداویستی خوێندن | 174 | %58.0 | 126 | %42.0 | 300 | %100 |
| ڕیکلامی پێداویستی جوانکاری | 164 | %54.7 | 136 | %45.3 | 300 | %100 |
| ڕیکلامی خزمەتگوزارییەکان | 159 | %53.0 | 141 | %47.0 | 300 | %100 |
| ڕیکلامی ئامێرو یارییەکان | 127 | %42.3 | 173 | %57.7 | 300 | %100 |
| ڕیکلامی ئۆتۆمبێل | 116 | %38.7 | 184 | %61.3 | 300 | %100 |

لەم خشـــتەیەدا دیارترین ئەو ڕیکلامانەی لەڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە زیاتر ســـەرەنجی نموونەی توێژینەوە ڕادەکێشـــی ڕوون دەکاتەوە، ڕیکلامی کاڵا لەپێشـــەوەی پلەبەندی دێت بە(215) دووبارەبوونەوە بەڕێژەی(%71.7) ســـەرەنجی نموونەی توێژینەوەی ڕاکێشـــاوە، لەبەرامبەردا ڕێژەی(%28.3) بە(85) دووبارەبوونەوە ڕیکلامی کاڵا جێگای ســەرەنج ڕاکێشــانیان نیە. ڕیکلامی داشــکاندنەکان لە پلەی دووەمدا دێت جێگای بـایەخی نموونەی توێژینەوەیە بە(187) دووبـارەبوونەوە بەڕێژەی(%62.3) ، بەڵام ڕێژەی(%37.7) بە(113) دووبـارەبوونەوە جێگـایی بـایەخ نیە بەلای نموونەی توێژینەوە. ڕیکلامی خواردن و خواردنەوە لە پلەی ســێیەمدا دێت کە ســەرەنجی نموونەی توێژینەوە ڕادەکێشــی بە(175) بەڕێژەی(%58.3) ، لەهەمان کاتدا ڕێژەی(%41.7) کە(125) دووبارەبوونەوەیە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەن جێگای ســـەرەنج ڕاکێشـــانیان نیە. ڕیکلامی کتێب و پێداویســـتی خوێندن لە پلەی چوارەمدایە بە(174) دووبارەبوونەوە بەڕێژەی(%58.0) بۆ ســـەرەنج ڕاکێشـــان نموونەی توێژینەوە، بەڵام ڕێژەی(%42.0) بە(126) دووبارەبوونەوە ئەم ڕیکلامانەیان بەلاوە گرنگ نیە. لە پلەی پێنجەمدا ڕیکلامی پێداویســتی جوانکاری خۆی دەبینێتەوە بە(164) دووبارەبوونەوە بەڕێژەی(%54.7) ، بەڵام ڕێژەی(%45.3) بە(136) دووبـارەبوونەوەیە ڕیکلامی پێـداویســـتی جوانکـاری بەلایانەوە جێگای سەرەنج ڕاکیش نیە. ڕیکلامی خزمەتگوزارییەکان جێگای سەرەنجراکێشانی ڕێژەی(%53.0) نموونەی توێژینەوە بە(159) دووبـارەبوونەوە ڕادەکێشـــت، بەپێچەوانەوە ڕێژەی(%47.0) بە(141) دووبارەبوونەوە ســـەرەنجیان ڕاناکێشـێت، هەر بۆیە لە پلەی شــەشــەمدان. لە پلەی حەوتەمدا ڕیکلامی ئامێرو یـارییەکـان جێگـای ســـەرەنجی نموونەی توێژینەوەیە بە(127) بەڕێژەی(%42.3) ، بەپێچەوانەوە ڕێژەی(%57.7) بە(173) دووبارەبوونەوە جێگای ســـەرەنجیان نیە. لە پلەی هەشـــتەم و کۆتاییدا ڕیکلامی ئۆتۆمبێل ســەرەنجی نموونەی توێژینەوەی ڕاکێشــاوە بە(116) دووبارەبوونەوە بەرێژەی(%38.7) ، لەکاتێکدا ڕێژەی(%61.3) بە(184) دووبارەبوونەوە ڕیکلامی ئۆتۆمبیل لایان جێگای بایەخ نیە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ئەگەر سەرەنج بدەین لە ئەنجامی ئەم خشتەیەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێکلام بەگشتی جێگای سەرەنج ڕاکێشانی نموونەی توێژینەوەیە بەتایبەتی ڕێکلامەکانی کاڵا و داشکانەکان و خواردن و خواردنەوە، ئەوەی جێگای سەرەنجە قوتابیانی زانکۆ لەپاڵ ڕێکلامی کاڵا و خواردن و خواردنەوەی گرنگی بە ڕێکلامی کتێب، پێداویستی خوێندن دەدەن، بەپێچەوانەوەش ڕێکلامی ئۆتۆمبیل لە کۆتایی پلەبەند هاتووە ڕەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ هۆکاری تایبەتی و ماددی نموونەی توێژینەوە.

**خشتەی(7)دیارترین هۆکارانەی وای کردووە ڕێکلامی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لای نموونەی توێژینەوە پەسەند بێت**

| هۆکاری پەسەندی | بەڵێ | | نەخێر | | نازانم | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە بوونەوە | % | دووبارە بوونەوە | % | دووبارە بوونەوە | % | | |
| ئاسانی بەکارهێنان. | 193 | %64.3 | 28 | %9.3 | 79 | %26.3 | 300 | %100 |
| نوێکردنەوەی بەردەوامی زانیاری. | 207 | %69.0 | 46 | %15.3 | 47 | %15.7 | 300 | %100 |
| پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زیادە. | 141 | %47.0 | 87 | %29.0 | 72 | %24.0 | 300 | %100 |
| بوونی دەرفەتی گفتوگۆ دەربارەی بابەتی ڕێکلام بۆکراو. | 121 | %40.3 | 115 | %38.3 | 64 | %21.3 | 300 | %100 |
| نیشاندانی کاڵا بەشێوەی جوان و سەرنج ڕاکێش. | 185 | %61.7 | 71 | %23.7 | 44 | %14.7 | 300 | %100 |
| توانای کڕینی ڕاستەوخۆ لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان. | 187 | %62.3 | 84 | %28.0 | 29 | %9.7 | 300 | %100 |
| هیتر | 119 | %39.7 | 181 | %60.3 | 0 | %0 | 300 | %100 |

ئەم خشتەیەی کە تایبەتە بە دیارترین هۆکارانەی وایان کردووە، ڕێکلامی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لای نموونەی توێژینەوە پەسەند بێت، لە پلەی یەکەمدا هۆکاری پەسەندبوونی ڕێکلام لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ نوێکردنەوەی بەردەوامی زانیاری بە(207) دووبارەبوونەوە بەڕێژەی(%69.0) نموونەی توێژینەوە بە بەڵێ وەڵامییان داوەتەوە. ئاسانی بەکارهێنان لە پلەی دووەمدا دێت بە(193) دووبارەبوونەوە بەڕێژەی(%64.3) نموونەی توێژینەوە پێیان وایە پەسەندنی ڕێکلام لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئاسانی بەکارهێنانی. لە پلەی سێیەمدا توانای کڕینی ڕاستەوخۆ لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دێت بە(187) دووبارەبوونەوە بەڕێژەی(%62.3). لە پلەی چوارەمدا نیشاندانی کاڵا بەشێوەی جوان و سەرنج ڕاکێش دێت کە بە(185) دووبارەبوونەوە بەڕێژەی(%61.7)، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زیادە لە ڕێکلام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکە پەسەند بێت لەلای نموونەی توێژینەوە لەپلەی پێنجەم دێت بە(141) دووبارەبوونەوە بەڕێژەی(%47.0) هاتووە. بوونی دەرفەتی گفتوگۆ دەربارەی بابەتی ڕێکلام بۆکراو لە پلەی شەشەمدا دێت بە(121) دووبارەبوونەوە بەڕێژەی(%40.3). جگە لەم هۆکارانەی کە باسکراون گەلێک


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

هۆکاری تر هەن کە وای کردووە ڕیکلامی تۆڕەکۆمەلایەتییەکان لای نموونەی توێژینەوە پەسەند بێت. کە لە پلەی حەوتەم دێت بە(119) دووبارەبووەنەوە بەڕێژەی(39.7%).

ئەگەر سەرەنج بدەینە ئەو خشتەی پێشوو دەبینن کۆمەڵێک هۆکاری گرنگن کە لە ئیستادا تەکنەلۆژیا بەرجەستەی کردووە بۆ بەکارهێنەران لەم ڕووەشەوە ڕیکلام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سوودمەند بووە لەم پێشکەوتن و تەکنەلۆژیایە. بە تایبەتی نوێکردنەوەی بەردەوامی زانیاری و خێرایی گەیاندنی پەیام و ئاسانکاری بۆ بەرهەمێنەران لە ساغکردنەوە و ڕەواجدان، هەروەها بۆ بەکاربەرانیش ئاگاداربوون لە نوێترین کاڵا و خزمەتگوزاری، لەگەڵ ئەمەشدا توانایی کڕینی ڕاستەوخۆ هۆکارێکە بۆ پەسەند بوونی ڕیکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لای نموونەی توێژینەوە.

## دەرئەنجام:

دوا بەدوای بە ئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە ، توێژەر بەچەند دەرئەنجامێک گەیشتوە، کە بە چەند خاڵێک دەیانخەینەڕوو:

١. نموونەی توێژینەوە بەرێژەیەکی زۆر بەرز بەکارهێنەری تۆرە کۆمەڵایەتییەکانن.
٢. ڕادەی بەرکەوتنی نموونەی تویژینەوە بە ڕیکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستێکی بەرز دایە.
٣. نموونەی توێژینەوە زۆربەیان بەکارهێنەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی وەک(مێسنجەر، ڤایبەر، یوتوب، ئینستاگرام، سناپ چات، فەیسبوک) لەبەرامبەردا تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی وەک(تویتەر، لینکدئن) بەڕێژەیەکی کەم بەکاردێت.
٤. نموونەی توێژینەوە سوود لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان وەردەگرن بۆ وەرگرتنی زانیاری، ئاگاردابوون لە کاڵا و خزمەتگوزاری نوێ تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن.
٥. ڕیکلام بەگشتی جێگای سەرەنج ڕاکێشانی نموونەی توێژینەوەیە، بەتایبەتی ڕیکلامەکانی کاڵا و داشکانەکان و خواردن و خواردنەوە، ئەوەی جێگای سەرەنجە قوتابیانی زانکۆ لەپاڵ ڕیکلامی کاڵا و خواردن و خواردنەوەی گرنگی بە ریکلامی کتێب، پێداویستی خوێندن دەدەن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

# The Effect of Electronic Advertising in Social Media on University Students in Kurdistan Region

**Thahir Hamadamin Sabir**
Media Department, college Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Zahir.sabir@epu.edu.iq

**Saman Jalal Mawlood**
Media Department, college Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** saman.mawlood@su.edu.krd

**Abstract:**

The Main purpose of this study is to find out the effect of electronic advertising on social Media on university students in Kurdistan Region of Iraq. The impact of electronic advertising making a purchase decision. The aim of this research is that it is an attempt to understand the mechanisms of taking information about the impact of electronic advertising for purchase.

. Researchers in this research have scientifically demonstrated the effect of electronic advertising on university students. This research relied on survey methods for collecting data and information of the research. The sample of this study were students of Erbil Polytechnic University and 300 students participated the survey.

The most important findings of the researcher is that the interaction with the electronic advertising on social media sites has taken a high level, and the models taken from the search sample most of them use social media sites (Messenger, Viber, YouTube, Instagram, Snapchat, Facebook), and the models taken benefit from this network, taking the information and seeing the services available there.

**Key word:** Effect, Electronic Advertising, Social Media, University Students.

## سەرچاوەكان

سمير عبد الرزاق العبدلي. ٢٠١١. وسائل الترويج التجاري(مدخل تحليلي متكامل). عمان،الأردن: دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة .

المحمدي, سعد علي ريحان .2015 .إسترتجيات الاعلان .عمان: دار اليازوري العلمية لنشر والتوزيع.

باران محەمەد عەبدوڵڵا. ٢٠١٤. ڕێكلامی ئینتەرنێت و ڕەفتاری بەكاربەر. هەولێر: چاپخانەی موكریان.

بشير العلاق. ٢٠٠٦. التسويق في عصر الانترنت والاقتصاد الرقمية المنظمة العربية للتنمية الإدارية، . الأردن: دار المناهج

حسنين شفيق. ٢٠٠٩. الإعلام التفاعلى. القاهرة: ٢ط، دار فكر و فن للطباعة و النشر والتوزيع.

خالد غسان يوسف المقدادي. ٢٠١٧. ثورة شبكات الاجتماعية،. عمان: دار النفائس.

سارة وايت. ٢٠١١. أساسيات التسويق. القاهرة، مصر: دار الفاروق للنشر والتوزيع، ط١.

سمر توفيق صبرة. ٢٠٠٩. مبادئ التسويق ل لفنون التطبيقية. عمان، الأردن: مكتبة المجنع العربي للنشر والتوزيع.

شريف اللبان. ٢٠١١. مداخلات في الإعلام البديل والنشر الإلكتروني. القاهرة: دار العالم العربي.

طارق طه. ٢٠٠٧. التسويق بالانترنت والتجارة الالكترونية. الإسكندرية: دار الجامعة.

عباس مصطفى صادق صادق. ٢٠٠٨. الاعلام الجديد( المفاهيم والوسائل والتطبيقات). عمان: دار الشروق.

على فلاح مفلح الزعبى. ٢٠١٦ . الاعلان الكترونى (منطلقات نظرية وتطبيقات عملية) . الامارات العربية المتحدة : دار الكتاب الجامعى ط١.

علي حلمي. ١٩٩٩. دور الشباب في التنمية الاجتماعية والاقتصادية. مصر: المكتبة الانجلو مصرية.

مجدي الداغر. ٢٠١٣. "استخدامات الإعلاميين لشبكات التواصل الاجتماعي والاشباعات المتحققة:دراسة تطبيقية على القائم بالاتصال بالمؤسسات الإعلامية السعودية." مجلة كلية الآداب، جامعة الزقازيق، المجلد ٢٥، العدد ٦١.

محمود الصميدعي، يوسف ردينة الصميدعي، ردينة. ٢٠٠٧. سلوك المستهللك. عمان، الاردن: دار المناهج للنشر و التوزيع.

مصعب قتلوني. ٢٠١٦. ثورات الفيس بوك: مستقبل وسائل التواصل الاجتماعي في التغيير. بيروت: شركة المطبوعات التوزيع والنشر.

Boyd, Danah M. 2007. Social Network Sites: Definition, History,. Michigan: Michigan State University publisher.

Kehinde Fasae. ect, Kehinde Fasae ،Joseph and Adegbilero-Iwari ،Idowu. 2016. "Use of social media by science students in public universities in Southwest Nigeria." The Electronic Library ،Vol. 34 Iss: 2،.

Todi, Mrinal. 2008. "Advertising on Social Networking." WebsitesJournal ،University of Pennsylvania Scholarly Commons٢٠٠٨ ،. pp.25-26 25-26.

Turkler, Sherry. 2011. Alone Together: "Why We Expect More from Technology and Less from Each Other. New York:: Basic Book.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper14 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021